# وەزارەتی پەروەردە و خیانەتیـكی گەورە

شەمیـران سلیمان

زورمان بینی و زوینی كە چون دووژمنان چون و بە چ شیوەیەك دەكەوتنە بە عەرەب كردن و بە تورككردن بە فارس كردنی كولرد و سڕینەوەی موركی نەتەوەی كورد دەمان بیمی كە چون بە بەر چاوی خومانەوە هەموو شتیكی تایبەت بە كورد و نەتەوەی كوردیان ڕەت دەكردەوە لە سەر تەنها شتیكی بچووك كە بونی كورد و نەتەوەی كوردی لێ بهاتایە چەندین كەسیان بێ سەر و شوین دەكرد چەندینی تریشیان ڕەوانەی بیابانەكانی باشوور دەكرد هەروەها دەمان بینی كە چون كوردەكانی كەركوك و شەنگار و ناوچەكانی تر بە زور و بەبێ خواستی خویان ڕەگەزنامەی كوردیان لێوەردەگرتنەوە و ڕەگەزنامەی عەرەبییان پیدەدان و منالەكانمان بە دریژای تەمەن حوكمی بەعسییەكان میژووی عەرەبیان پیدەوترایەوە یەكیكیش بوو لەو دەرسانەی كە دەبوو زور بە گرنگییەوە بخوینرایە بەلام تا ئیستا نەمدیوە كە هیچ كەس لە نیشتیمانی خویدا و لە لایەن دەسەلاتدارانی خویەوە بڕیاری سڕینەوە و بەبیانی كردنی زمانی خوی بدات تەنها لە شوینیكی وەك كوردستاندا نەبیت كە شتی لەم جورە ڕوویداوە و بە دریژایی میژووش من دلنیام كە دووبارە دەبنەوە وەزارەتی پەروەردە لە هەموو ولاتیكدا گرگترین وەزارەتە چونكە ئەركی پاراستن و ساغ كردنەوەی زمان و ئەدەبی نەتەوەی لە ئەستودایە لە پیش هەر وەزارەت و دەزگایەكی تر و چونكە زمان لە هەرە سەرەركیترین خالەكانی جیاكلردنەوەی دوو گەلە بەلام بە داخەوە ئەمجارەیان بە خواستی دووژمنانی كورد و بە هاوكاری وەزارەتی پەروەردەی كوردی بڕیار درا كە لە كولیژی صلاحدین بە كوڕان و كچانەوە كە زمانی كوردی لە تاقی كردنەوەكانی ئەو كولیژانەی كە سەر بە كومپانیا توركەكانە ئەژمارد نەكریو جیاوازی ئەمجارە لەگەل جارەكانی تردا ئەوەیە كە بە هاوكاری وەزارەتی پەروەردە و بە بەرچاوی مەسئوولە كوردەكانەوە ئەم كارە ئەنجامدرا و جاریكی دی زمانی كوردی كفنیكی كوردانەی لێ پیچراو بە دەستی توركەكان لە سەر خاكی كوردستان بە خاك سپیردراو هەر وە زارەتی پەروەردەش بوو بە مەلا و تەلقینی بە خاك سپاردنی بو خویند ..زور بێ مانایە كە ئیمە لە لایەك لومەی عەرەب و فارس و تورك دەكەین كە بە دریژای میژوو ئینكاری زمانی كوردیان كردووە و لە لایەكی تریشەوە بو خومان لە ناوی دەبەین و زور بێ مانایە كە داوای مافیك بكەیت و بو خویشت پیشیلی بكەیت لە ئیستا بە دواوە هیچ پاساویك نەماوەتەوە بو دەست لە كاركیشانەوەی وەزیری پەروەردە و تاقمەكەی و چیدی بە دووبارە بوونەوەی كاری لەو جورە تەنها بە نووسین هەلویست وەرناگرین بەلكو بە كردەوە دەنگ بەرز دەكەینەوە و خوپیشاندان ئەنجام دەدەین و تا بوهەتا هەتایە وەزارەتی پەروەۆردە پەروەردە بكەین .